**مه‌هاباد قه‌ره‌داغی**

# مه‌رگی عه‌شق و پرسه‌ی خۆشه‌ویستی

## "ده‌رهاویشته‌كانی تیرۆر و گه‌نده‌ڵی و شتی تر.."

(بەشی یەکەم)

(خوا هەموو شتێکی لە هیچەوە خوڵقاند، بۆیە هیچێتی بە ڕوونی لە هەموویاندا دیارە.)

پاوڵ ڤالێری

پێشەکی:

عەشق و خۆشەویستی لە زماندا دوو ووشەی سادەن، بەڵام لە ژیاندا ناکرێ سادە لێکبدرێنەوە. لە فەلسەفە و زانستە مرۆڤایەتییەکاندا ئەم دوو واژەیە ڕامانی زۆرێک لە بیرمەندان و دەروونناسان و کۆمەڵناسانیان ورووژاندووە و لە قوولایی و بەرینی خۆیاندا نوقمیان کردوون و دەیان پێناسەی بەهاداریان بۆ دۆزراوەتەوە. عەشق و خۆشەویستی دوو وشەی سادەی فرەمانا و فرەڕەهەندن و بەدەستهێنانیان بەهەشت دەسازێنێ و لەدەستدانیان دەروونی مرۆڤ دەکاتە دۆزەخێک کە خۆی و دەورووبەری تێدا بسوتێ.

عەشق پەیوەندییە، بەڵام نەک هەر پەیوەندییەکی ئاسایی و ئاسان. هەموو عەشقێک خۆشەویستییە، بەڵام هەموو خۆشەویستییەکی نێوان دوو کەس ناچێتە خانەی عەشقەوە. عەشق ئەو پەیوەندییەیە کە سنووری هەموو جۆرێکی تری خۆشەویستی تێ دەپەڕێنێ و دەگاتە خاڵێک لە لووتکەی پەیوەندییەکی مرۆڤانە، کە جگە لە خودی خۆشەویستییەکی خۆڕسکی گەشاوە هیچ هۆیەکی تر نەبووەتە فاکتەری لەدایکبوونی.

ئەگەر خۆشەویستی لە پێناوی بەرژەوەندییەکی ماددی یان (تەنانەت) مەعنەویش دروست بوو، یان بۆ پڕکردنی پێویستییەکی غەریزەگەلی چەپێنراو، یانیش هەر هۆیەکی تر کە لە باکگراوندی هەست و نەستەکاندا پەیوەندی بە گرێکوێرەکانی دەروونەوە هەبێت، ناکرێ پێی بوترێ عەشق. ڕینۆڵد نایبوور سەبارەت بە عەشق دەڵێ:"خۆشەویستی لەخۆبووردووانە ئەوەیە کە هەموو سنوورەکانی خۆشەویستی تێدەپەڕێنێت. ئەو جۆرەیە کە لە هیچ کتێبێکی ڕەوشتدا جێگای نابێتەوە." [1] لەخۆبووردوویی لە خۆشەویستیدا ئەوەیە بێ بەرامبەر و بێ چاوەڕوانی و هەر لە پێناوی خۆشەویستیدا ئەویدیت خۆش بوێ و ئامادە بیت لە پێناویدا قوربانی بدەیت و تەنانەت خۆت بەخت بکەیت. نابێ چاوەڕێ بیت ئەویش بە بارتەقای خۆشەویستی تۆ خۆشەویستیت پێ ببەخشێ و قوربانیت بۆ بدات، یان بەرامبەر بەو خۆشەویستییەی بۆ ئەوت هەیە پاداشتی مادیت بداتەوە. فلۆرەنس ئەلسبۆرن دوای ڕامانێکی قووڵ و گەیشتن بە پێناسەکانی خۆشەویستی، دێت و دووبارە بەخۆیدا دەچێتەوە و پێی وایە

خۆشەویستی مەزنتریشە لەوەی کە ئەو پێی وا بووە. ئەو دەڵێ:"جاران وام دەزانی ئەگەر میهرەبان بیت و هەست بکەی بەرامبەر بە هاومرۆڤ میهرەبانی مانای ئەوەیە مرۆڤت خۆش دەوێت. ئێستا دەزانم کە وا نییە، خۆشەویستی مەزنترە لەوانە، هێندە مەزنە کە هێشتا نەمبزواندووە."[2]

خۆشەویستی دەکرێ پەیوەندییەکی گشتی و تایبەتیش بێت، بەڵام عەشق تەنیا و تەواو تایبەتییە و گرێدەری ڕۆحی نێوان دووانە کە دوور بن یان نزیک، دەوڵەمەند بن یان هەژار، بێپایە بن یان پایەدار هەستێکی قوڵیان بۆ یەکدی هەیە و موگناتیزێکی سیحرئامێز لە میهرەبانی و هەستی خاوێن بەرەو لای یەکتر ڕایان دەکێشێ.

خۆشەویستی پەیوەندییەکانی نێوان دایک و منداڵ، باوک و منداڵ و پێچەوانەکەی، خۆشەویستی براو خوشک، خۆشەویستی هاوڕێ، هاوسێ و هتد دەگرێتەوە و تەنانەت هەندێ جار خۆشەویستی هاوسەریش تەنها لە ناو ئەو پێناسە گشتییەی خۆشەویستیدا جێگەی دەبێتەوە، بە تایبەتی کە هاوسەردارییەک بێت بە بێ خۆشەویستییەکی قووڵ بنیاتنرابێت، یانیش بەرژەوەندییەکی تایبەتی بووبێتە هۆکاری دامەزراندنی ژیانی هاوسەرێتی.

ئەگەر ئەمانە پێناسەی قووڵ و فراوانی عەشق و خۆشەویستی بن، دەکرێ لە کۆمەڵگەی کوردەواریدا، لە کوێ لە عەشق و خۆشەویستی بگەڕێین؟ لە سایەی ئەو پێناسە نالۆژیکیانەی بە عەشق و خۆشەویستی دراون و، لە ئەنجامی ئەو هەموو تابووەی ئابلۆقەی خۆشەویستییان داوە و، ئەو هەموو گەندەڵییەی کە بەناوی خۆشەویستییەوە دەکرێت و ئەو هەموو کەڵکئاوەژوو وەرگرتنە لەو دەستەواژە فرە هەستیارانە، چ پێناسەیەک بدەینە هەستەکانی مرۆڤی کۆمەڵگەیەک کە گرووپی تیرۆریستی وای تێدا هەڵدەکەوێت کایە بە هەست و سۆز و پەیوەندییەکانی مرۆڤ دەکات و سەودایەکی دڕندانە بە سێکس دەکات.

دەمێک بوو ئەم بابەتە ڕامانی منی وروژاندبوو، دواجار ڕووداوەکانی ئەم دواییە و ئاشکرابوونی باندی تیرۆریستی شێخ زانا و هەندێ وردەڕووداوی تر بوونە خاڵی دەستپێکی ئەم لێکۆڵینەوەیە. ڕووانینی دیوی دەرەوەی پەیوەندییەکان و سەرنجدانی قووڵ لە شێوازی پیادەکردنی تابووئامێزی خۆشەویستی و عەشق لە وڵاتی ئێمەدا و ئینجا وردبوونەوەیەک لە ناخ و ناوەوەی ئەو پەیوەندییانە بە چاویلکەیەکی دەروونناسی کۆمەڵایەتی، بە دەرەنجامێکمان دەگەیەنن کە خوێندنەوەیەکی ڕیالیستی بێت بۆ دۆخە دژوارەکان. نموونەی ڕیالیستی لە نێو ئەو کۆمەڵگەوە دەهێنمەوە بۆ خوێندنەوەی دیاردەیەکی ترسناک کە من ناوی لێ دەنێم "مەرگی عەشق".

<u>نموونەکانیش:</u>

یەکەم: خۆشەویستی وەک ئامرازێکی تیرۆرکردن کە لە باندە تیرۆریستییەکەی شێخ زانادا بەدی کرا.

دووەم: دیاردەی پێنجەمین زەماوەندی وەزیرێک لە حکومەتی کوردستاندا و، نموونەگەلی هاوشێوە.

سێیەم: دیاردەی "سێکس بەرامبەر بە خۆراک" و "سێکس بەرامبەر بە پرۆژە".

چوارەم: بەکارهێنانی جەستە لە خەباتی فێمینیستیدا.
پێنجەم: پێگەی ژنانی ئازاد و سەرنجی بەربەستئامێزی کۆمەڵگە بۆ ئەوان.

مەبەست لە خستنەڕووی ئەم نموونانە، زیانگەیاندن و ناوزڕاندنی هیچ تاکەکەس و گروپ و لایەنێک نییە، بەڵکە ئامانج لەم لێکۆڵینەوەیە:

یەکەم: شیکردنەوەی ڕیالیتەی کۆمەڵایەتی، سیاسی، ئابووری و کلتووری کۆمەڵگەی کوردە، بە ڕەچاوکردنی ئەو هۆکارانەی کە بوونەتە هۆی خولقاندنی دۆخە دژوارە نامرۆییەکان و بە تایبەت لەو بابەتانەدا کە پەیوەستە بە ژنانەوە.
دووەم: بێدەنگنەبوونە لەو نەهامەتییانەی کە ڕوودەدەن و دانانی سنورێکە بۆ ئەو گەندەڵییانەی کە لە دامودەزگاکاندا بە ناوی خۆشەویستییەوە دەکرێن و گەورەترین زیان بە ئافرەتانی کوردستان بە گشتی و ڕەوتی کۆمەڵگەی مەدەنی و دیموکراسی و ئەو هەنگاوە پێشکەوتنخوازانە دەگەیەنن کە برێکی زۆر لە ڕووناکبیران بە ژنان و پیاوانەوە، هەندێ کەسی پێشکەوتنخواز و یەکسانیخواز لەناو دەسەڵاتی کوردیدا خوازیارین و کاری بۆ دەکەن.
سێیەم: هەوڵدانە بۆ خولقاندنی دیباتێکی ڕاستگۆیانە بۆ نەهێشتن و بنبڕکردنی تیرۆر و دیاردەی تیرۆریستی لە کوردستاندا، بە هەمان هەناسە بەرەنگاربوونەوەیەکی جیدی و دەستبەجێی دیاردەی گەندەڵی لە سەرتاسەری کوردستاندا.

## نموونەی یەکەم

## عەشقبازی و تیرۆرسازی

دیاردەی بەکارهێنانی ژن بۆ مەبەستی سیخوڕیی و ڕاسپاردنی بۆ نواندنی ڕۆڵی دڵبەر بۆ فریواندنی دڵدارێک کە لە پۆزشنێکی بالادایە، دیاردەیەکی نوێ نییە و لە مێژوودا سەدان نموونەی وا هەیە. ئەگەر لە مێژووی هەردوو دەزگای (سی ئای ئەی) و(کەی جی بی)، کە یەکەمیان دەزگای هەواڵگری ئەمریکا و دووەمیان دەزگای هەواڵگری یەکێتی سۆڤییەتی پێشووە، بخوێنیتەوە، سەدان نموونەی وات بەرچاو دەکەوێت. هەندێ لەم نموونانە لە فیلمەکانی جێمس بۆند دا دەبینرێت و جگە لە ڕتووشە هونەرییەکەی و تاکتیکی هونەری فیلمەکان، چیرۆک و ڕووداوەکانی لە بنەڕەتدا ڕاستین. بە هەمان شێوە لە هەردوو دەزگای هەواڵگری میسر و ئیسرائیلدا بە درێژایی سالانێکی دوورودرێژ ئافرەت وەک ئامرازێکی سیخوڕی بەکارهێنراوە. لە کتێبی (السیدە الرئیسە، السیدە الجاسوسە) دەیان نموونەی وا باسکراوە و لەناو ئەوانەدا بۆ نموونە باس لە گۆرانیبێژی ناسراوی میسر ئەسمەهان کراوە کە بۆ کاری سیخوڕی ڕاسپێردراوە دڵداری لەگەڵ پایەدارێکدا بکات.

ئاشکرابوونی باندەکەی شێخ زانا و بینینی گرتەی ترسناک لە کوشتن، سەربڕین و لەتلەتکردن شۆکێکی گەورەی دروستکرد لەناو خەڵکی کوردستاندا. بەڵام شۆکی گەورە و کاریگەرتر لەوە بینینی ئەو دیمەنانە و گەیشتنی ئەو زانیاریانە بوو بە خەڵک کە ئەم گروپە سێکسبازی و عەشقبازی پیاو و پیاو، ئافرەت و پیاو، سێکسی بەگروپ و هتدیان وەک ئامراز و ڕێخۆشکەر بۆ تیرۆر و کاری تیرۆریستی بەکاربردووە.

ئەم دیمەنانە و ئەم زانیاریانە بە شێوەیەک هەژێنەری ناخی مرۆڤی کورد بوون و ڕاچڵەکێنەر بوون، کە ببێتە خاڵێکی جیاکەرەوەی دوو قۆناغ لە مێژووی کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستاندا، کە هەن بە قۆناغی پێش شێخ زانا و قۆناغی پاش شێخ زانا ناوی دەبەن.

ئەگەر خوێندنەوەیەکی "سۆسیۆ پۆلێتیک"یانە بۆ ئەم ڕاچڵەکینە بکەین دەبێ لە چەند خاڵێکدا پۆلێنی بکەین کە ئەمانەن:

1. هەژاری هۆشیاری و زانیاری: بەو مانایەی کە مرۆڤی ئێمە هێشتا ئاگاداری ڕیالیتەی کۆمەڵایەتی و سیاسی خۆی نییە و نازانێ لە دەوروبەرییەوە چی ڕوودەدات و بۆ ڕوودەدات و لایەنە پەیوەستەکانیش کەمتەرخەم بوونە لە گەیاندنی زانیاری بە خەڵک.

2. نەبوونی ڕوانگە و چاویلکەی مەترسیناسی: بەو مەبەستەی کە دەزگایەکی ستراتیژی بەرفراوان نەبووە بۆ بینین و دەستنیشانکردنی سەرچاوەکانی ڕیسک و مەترسی ڕاستەقینە. هەروەها ناسینەوەی هۆکارەکانی ڕیسکی کۆمەڵایەتی، سیاسی، دەروونی و کلتووری و ئایینی و هتد.

3. ناهەودەنگی و کەموکوڕی لە میتودی بەرەنگاربوونەوە: بەو مەبەستەی کە لە هەموو کوردستاندا ئاسایشی نەتەوەیی وەک پرنسیپێکی باڵا نەبینراوە و حیزب و گروپ و ئایدۆلۆژیای جیاواز ڕێگری بەرەنگەنگاربوونەوەی ڕیسکە جیدییەکان بوون ، کە لە ئاکامدا لە هەرکوێیەکی جەستەی کوردستاندا ڕوویدابێ، گەورەترین زیان لە ئاسایشی گشتی و نەتەوەیی کورد داوە.

بابەتی ئاشکرابوونی باندی تیرۆریستی شێخ زانا و کردنی بە خاڵی دەستپێک بۆ لێکدانەوە و شیکردنەوەی دۆخە پڕ مەترسییەکان و لە ئاکامیشدا دۆزینەوەی میکانیزمی پێویست بۆ بەرەنگاربوونەوەی دیاردەی هاوشێوە، پێویستمان بەوە هەیە چەند چاویلکەیەکی جیا بەکار بهێنین:

- چاویلکەی سیاسەت: بۆ بینینی ڕیسکی ئەم دیاردەیە بۆ سەر ئەزموونی کورد و ڕەوتی بەرەوە دەوڵەتچوونی کوردستان.

- چاویلکەی کۆمەڵناسی: بۆ بینینی ڕیسکی کۆمەڵایەتی ئەم دیاردەیە لە ئەنجامی بەکارهێنانی پەیوەندی و هەست و نەستی مرۆڤی کورد و کردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان بە ئامانجی سیاسی.
- چاویلکەی دەروونناسی: بۆ دۆزینەوەی ئەو گرێیانەی کە لە ئەنجامی چەپاندنی غەریزەکانی مرۆڤەوە، بۆ مەبەستی نامرۆڤانە بەکاردەبرێن.
- چاویلکەی کلتوورناسی: بۆ بینینی ئەو ڕیسکانەی کە بزووتنەوە ئایینییەکان و ئایدیۆلۆژیای ئایینی هەیانە و کاریگەرییەکانیان لەسەر پەیوەندییە مرۆییەکان.
- چاویلکەی فێمینیستی: بۆ بینینی هەموو ئەو ڕیسکانەی کە لە ئەنجامی بەکارهێنانی هەڵەی ئایدیۆلۆژیا و ئایین و دابونەریتی کۆنەخوازانە و هتد ڕێگە لە گەشەسەندنی کەسایەتی ئافرەت دەگرن و دەیکەن بە کوتاڵ و کۆیلە و کەنیزەک و لە نرخی خۆی و جەستەی دادەشکێنن.

...

لە بەشی دووەمدا، هەوڵی بەکارهێنانی ئەو چاویلکانە دەدەم بۆ خوێندنەوەی نموونەی باندەکەی شێخ زانا و نموونەکانی تر.

2005/08/03

[1] Larry Crabb (1992): Han och Hon. Malmo: HF:s forlag.165 .
[2] Ibid. P.199.